# ریفرەندوم ئێستا؟

مەسەلەی داخوازی ریفرەندوم(ڕاپرسی) پێش ئێستایش بە مەبەستی جۆراوجۆرەوە لەلایەن چەندین لایەنەوە باسکراوە، بەبێ ئەوەی تێبینی بارودۆخی واقیعی کوردستان، حزبەکان، عیراق، دەوڵەتەکانی ناوچەکە و جیهان بکەن، بۆیە تەنها وەك دروشمێکی ڕەنگاورەنگ وسەرنجراکێش و گرنگ بەلاَم پەککەوتوو ماوەتەوە. ئەوەی باسی ریفرەندوم دەکا، دەبێ پێشوەخت هەناسەی ژیانی پێبدا، بەرگ لەبەری بکا، زەمینەی پێویست بۆ بڕەخسێنێ، ئەوجا بانگەوازی بۆ بکرێ.

ئێمە هێشتا لە ژێر هەوڵ و فشاری هیچ هێز و لایەنێکی سەربەخۆ یا حیزبی، ڕۆشنبیری یا ڕێکخراوی ناحکومی، نە بە داخوازی دادگاییکردنی ئەنفالچییەکان گەیشتووین، نە بەوەی پەرلەمان و پەرلەمەنتارەکان بوون بە خاوەن ئۆتۆریتێتی قسەکردن بە ناوی خەڵکی کوردستان، نە بەوەی دادپەروەران بین بە مافداری یاسایی بۆ ڕاپێچکردنی ئەفسەرەکانی موخابەرات و ئەمن وسیخوڕەکانی فاشیستەکان بۆ بەردەم دادگا،نە3کۆنگرە"قارەمانەکان"  ریزەکانیان یەکخستووە، نە کێشەی پەیوەندی، خیتاب، وەزارەت و دەزگاکانی بەڕێوەبردن بە شێوەی یەککگرتوانە لە نێوان پارتی و یەکێتی چارەسەرکراوە و نەیش کۆتایی بە ململانی گاڵتەجاڕانەکەیان هاتووە.

ئەم خالاَنە فاکتگەلێکی نەگەتیڤ و لەبەرچاون بۆ بارودۆخی ناوەوەی کوردستان. لەهەمان کاتیشدا، وەلاَتانی دراوسێ لە ژێر چەپۆکی دەسەلاَتگەلێکی تیولۆگی، ملیتاریستی و فاشیستی تا سەر ئێستقان ڕەگەزپەرەست و شوفینیست ماونەتەوە کە پەیوەندییەکی نایابیان هەیە لە گەڵ خاوەن بۆرسە، چەکسازی، بانق و شەرکەتەکانی پەیوەندی جیهانی و دەزگاکانی موخابەرات و ئاسایش کە  بە بێ چەند وچۆن، ڕێگری جیددی پێکدەهێنن لە بەردەم پرۆسەی سەرخستنی ریفرندوم و سەربەخۆیی کوردستان. لە ئاوا بارودۆخێکدا، هەندێ کەسایەتی رۆشنبیر(لە چوارچێوەی هەوڵ و تەقەلاَکانی هێزی چوارەم)باسی ریفرەندم هێناوەتە پێش، خۆزگا لایەنی کەمی ئەو ئەرکانە کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا، چارەسەر ببوایە، ئەوجا باسی ریفرەندومیان گەرم بکردبا!

وەهەم درووستکردن لەلای خەڵك، کارێکی زۆر مەترسیدارە. ئاخر چۆن پاش ئەو هەموو تاقیکردنەوە خوێناوییانە، لەم رۆژەدا بانگەشە بۆ هەنگاوێك دەکرێ، پێشوەخت کوشتنی مسۆگەر کراوە. ئایا خەڵك توشی شۆکێکی تر نابن؟ جارێکی تر باسی هەرەس ناکرێ؟ لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنی و چاوەڕوانی وەلاَمی ئەو رۆشنبیرانەیە کە ئێستا سمینار و کۆڕ و گفتوگۆ لە ماسمیدیاکان ڕێکدەخەن: داخۆ نابێ لەسەر ئاستی واقیع، یەکەم جار بوارە"ئاسانەکان"چارەسەر بکرێن، پاشان هەنگاو بۆ ئەرکێکی نوێتر دابنرێ؟ ئاخر بۆ نازانن هەڵپەهەڵپکردن و بازدان بەسەر داخوازییەکان، ڕەنجەکانمان پەرش وبلاَو دەکاو متمانەیی لەناو خەڵك بە خیتابی هێزی چوارەم بەخراپی دادەشکێنێ، لە کاتێکدا کە ئەم هێزە بەخۆی هێشتا لە سەرەتای دەنگ هەڵبڕیندایە!

ئەوانەی ئەمڕۆ بە پشتبەستن بە بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە گەمە بە تۆپی ریفرەندوم و سەرخۆیی دەکەن، نایانەوێ ئەو راستییە بزانن کە ئەمریکا بە کردەوە پیشانی دەدا کە هەرگیز لە گەل ریفرەندوم و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان نییە. کورد لە عیراقی پاش سەددام بە بۆچوونی ئەمریکییەکان ئەوەیە کە دەتوانێ ببێ بەسەرۆك کۆمار، وەزیری ناوەوە یا دەرەوە، دەتوانێ ئالاَی کوردستان بەرزبکاتەوە، بەلاَم تەنها لەچوارچێوەی یەککگرتوویی خاك و سەروەری دەوڵەتی عیراق، ڕێك وەك نموونەی باسك و کەتەلۆنەکان لە ئەسپانیا!با بەوپەڕی جورئەتەوە تەماشای ئەو راستییە تەڵخانە بکەین.

بەگشتی جێگای داخە ئەو رۆشنبیرو سیاسەتمەدارانە خوێندنەوەی درووستیان بۆ ئەو پڕۆژەیە نییە، خۆزگا وانەبێ و من بە هەڵە چووبێتم.....

سەلام عەبدوڵلاَ